# دارِشتنی دێمۆکراسی لە ئێرانی سبەینێ

شاهۆ مەتین

ئەگەر نەتەوە جۆراوجۆرەکان هەست بکەن کە زمان، کولتوور و مافە شارستانییەکانیان لە پێکهاتە نوێیەکەدا پشتگوێ دەخرێت، ئەوا ئەو پێکهاتەیە لە ڕوانگەی ئەخلاقی و سیاسییەوە لە ڕەواییی دێموکراتیک بێبەش دەبێت. بەشداریی چالاکی نەتەوەکان لە پرۆسەی گواستنەوەدا، زامنکەری گوزەرە لە «دەسەڵاتی نەتەوەپەرستی ناوەندی و ستەمکار» بەرەو «سەروەریی نەتەوەکان بەسەر چارەنووسی خۆیان»دایە. دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی بەشداری لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەدی دێت کە تێیدا پشتیوانی لە بەها شارستانییەکان هاوکات لەگەڵ بە فەرمی ناسینی جیاوازییە نەتەوەییەکان ڕێزی لێ دەگیرێت.

## دەستپێک

ڕێگەی گوزەر لە ستەمکاری و فاشیزم بەرەو دیموکراسی لە ئێراندا، یەکێک لە هەستیارترین و ئاڵۆزترین سەردەمەکانی مێژووی خۆی تێپەڕ دەکات.

لە ناوەندی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە چارەنووسسازەدا، پرسی بنەڕەتی ئەوەیە کە: «ئێران لە دوای کۆماری ئیسلامی چۆن و بە چ ڕێبازێک دەبێت بەڕێوە بچێت تا جارێکی تر نەکەوێتە ناو بازنەی ستەمکاری، شەڕی ناوخۆ یان داڕمانەوە؟»

پێشوەختە وڵامدانەوەی ئەم پرسە سەرەکییە، گرێدراوی تێگەیشتنی واقعبینانە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی وڵاتە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و ڕەنگاوڕەنگە، کە لە نەتەوە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان پێکهاتووە؛ لەوانە کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب، لوڕ، تورکمەن و فارس. ئەم فرەچەشنییە قووڵە مێژوویی، زمانی و کولتوورییە، نەک هەڕەشەیەکی ئەمنی، بەڵکو واقعێکی پێکهاتەییە کە پشتگوێخستنی لە هەر پیلان و پڕۆژەیەکدا بۆ داهاتوو، سەرهەڵدانەوەی خۆسەپێنی بەرهەم دێنێتەوە.

مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێران سەلماندوویەتی کە سەنترالیزمی ڕەها و سیاسەتی شکستخواردووی «یەکدەستکردنی زۆرەملێ» لە سەرەوە، هەمیشە هۆکاری پەراوێزخستنی ناوچە پەراوێزەکان بووە، کەڵەکەبوونی داخوازییە سەرکوتکراوەکان لە ئەنجامدا، ناسەقامگیریی بەردەوامی لێ کەوتووەتەوە. لەبەر ئەوە، پێکهێنانی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک، گشتگیر و بەردەوام بەبێ بەشداریی چالاک، یەکسان و ڕێکخراوەیی تەواوی نەتەوەکانی ئێران بە کردەوە مەحاڵە.

ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە تیۆرییەکان و ڕێبازی مۆدێرنی زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسیی سیاسی و مافی گشتی، لایەنەکانی ئەم پێویستییە پێکهاتەییە شیتەڵ دەکات. باسەکانی داهاتوو هەوڵ دەدەن نیشان بدەن چۆن دەکرێت بە تێپەڕبوون لە نەریتە کۆنەکانی ناوەندێتی، بەئەمنیەتیکردن و نەبوونی متمانەی مێژوویی، بەرەو پێکهاتەیەکی نوێ هەنگاو بنرێت؛ پێکهاتەیەک کە تیایدا:

فرەچەشنی (پلۆرالیزم) جێگەی ستەمکارییە یەکدەنگییەکان بگرێتەوە،

فیدراڵیزم و دێسێنترالیزم ئامرازێک بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سامان بن و دادپەروەریی گوزەر و مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی زامنکەری کەرامەتی مرۆیی تەواوی هاووڵاتییان و شوناسەکان بن.

لە کۆتاییدا، گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد، ئارام و دێموکراتیک پێویستی بە گۆڕانکارییەکی پارادایمییە کە تێیدا، نەتەوەکانی ئێران نەک وەک «پەراوێزێکی هەڕەشەئامێز»، بەڵکو وەک کۆڵەکە سەرەکییەکانی دێموکراسیی داهاتوو و چەترێکی هاوبەش بۆ ژیانی ئاشتیانەی پێکەوەیی سەیر بکرێت.

## شیتەڵکردن و لێکدانەوەی ڕۆڵ و پێگەی نەتەوەکان

نەتەوەکان لە دروستکردنی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک بۆ ئێرانی داهاتوو، لە ڕوانگەی زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسیی سیاسی و تیۆرییەکانی دەوڵەت-نەتەوە، یەکێکە لە هەستیارترین و لە هەمان کاتدا بنەماییترین باسەکانی گوزەر لە ستەمکارییە.

لە درێژەدا، ئەم بابەتە لەسەر بنەمای تیۆرییە مۆدێرنە سیاسییەکان شیتەڵ کراوە:

### ١. تیۆریی «دێموکراسیی ڕێککەوتنخواز»

ئارێند لیفهارت بەڵگە دێنێتەوە کە لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا کە درز و کەلێنە قووڵە نەتەوەیی، زمانی یان ئایینییەکان تێیاندا بوونیان هەیە، شێوازە نەریتییەکانی دێموکراسیی زۆرینە هۆکاری ستەمکاریی زۆرینە یان شەڕی ناوخۆ دەبن.

ئاماژەبوونی نەتەوە جۆراوجۆرەکان (کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب و...) نیشانەی کۆمەڵگەیەکی پلۆرالە. جێگرەوەیەکی دێموکراتیکی بەردەوام ناتوانێت لەسەر بنەمای سەنترالیزمی ڕەها و ڕەتکردنەوەی شوناسە پەراوێزخراوەکان دروست ببێت.

لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە، پێکهاتەی داهاتووی ئێران بۆ بەردەوامی پێویستی بە دێموکراسیی ڕێککەوتنخواز هەیە؛ سیستەمێک کە تێیدا دەسەڵات لە ئاستی

نیشتمانیدا دابەش کرابێت و کۆمەڵگە خۆجێییەکان و نەتەوەکان لە خۆبەڕێوەبەریی کولتووری، زمانی و سیاسی (لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا) بەهرەمەند بن تا هیچ گرووپێک هەست بە هەڵاوردن یان سڕینەوە نەکات.

## ٢. تیۆریی «مافی چارەی خۆنووسین» و دێموکراسیی بەشداریخواز

بەبۆچوونی یوورگن هابرماس، دیموکراسیی بەشداریخواز لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرنەوە، ڕەواییی هەر سیستەمێکی سیاسی بە ڕەزامەندیی ئاگایانە و ئازادانەی تەواوی هاووڵاتییانییەوە بەستراوەتەوە.

ئەگەر نەتەوە جۆراوجۆرەکان هەست بکەن کە زمان، کولتوور و مافە شارستانییەکانیان لە پێکهاتە نوێیەکەدا پشتگوێ دەخرێت، ئەوا ئەو پێکهاتەیە لە ڕوانگەی ئەخلاقی و سیاسییەوە لە ڕەواییی دێموکراتیک بێبەش دەبێت.

بەشداریی چالاکی نەتەوەکان لە پرۆسەی گوازتنەوەدا، زامنکەری گوزەرە لە «دەسەڵاتی نەتەوەپەرستی ناوەندی و ستەمکار» بەرەو «سەروەریی نەتەوەکان بەسەر چارەنووسی خۆیان»دایە. دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی بەشداری لە خواروەوە بۆ سەرەوە بەدی دێت کە تێیدا پشتیوانی لە بەها شارستانییەکان هاوکات لەگەڵ بە فەرمی ناسینی جیاوازییە نەتەوەییەکان ڕێزی لێ دەگیرێت.

## ٣. ڕەخنە لە تیۆریی «شوناسخوازیی نەتەوەیی مۆدێرن و ناوەندگەرا»

گێلنێر پێیوایە کە ناسیۆنالیزمی مۆدێرن ئارەزوو دەکات زمان، کولتوور و شوناسی خۆی بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا بسەپێنێت بۆ ئەوەی بۆرۆکراسی و دەوڵەت-نەتەوە کارابن. سەرەڕای ئەوەش، لە وڵاتێکدا وەک ئێران کە لە سەرەتاوە بە فرەچەشنییەکی قووڵی مێژوویی‌وە پێکهاتووە، هەوڵدان بۆ یەکدەستکردنی زۆرەملێ هەمیشە بەرگری، قەیرانی شوناس وتوندوتیژیی پێکهاتەیی بەرهەم‌هێناوە.

جێگرەوەی دێموکراتیک بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی دەبێت پارادایمی «دەوڵەت-نەتەوەی یەکپارچە و یەکدەست» لاببات و بەرەو چەمکی «دەوڵەتێکی فرەنەتەوە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی یەکسان» هەنگاو بنێت.

«ڕەتکردنەوەی ناوەندگەرایی پاوانخواز بە مانای پارچەپارچەبوون نییە، بەڵکو بە مانای دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ڕێگەی سیستەمی فیدراڵی یان خۆمۆختارییە خۆجێییەکانە کە سەقامگیریی وڵات مسۆگەر دەکات.»

## ٤. تیۆریی «مافی کەمینەکان و دادپەروەریی گوزەر»

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، دادپەروەریی گوزەر و چارەسەرکردنی ڕیشەیی قەیرانەکانی ڕابردوو مەرجی پێشوەختە بۆ چەسپاندنی دیموکراسین. نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا لە درێژەی دەیان ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی چوارچێوەی چوارینەی هەڵاوردنی سیستەمیکی (ئابووری، سیاسی، نەتەوەیی و کولتووری-زمانی) بوونەتەوە.

هیچ جێگرەوەیەک بەبێ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵاوردنە مێژوویی‌یەکان، خۆێندن بە زمانی دایک، و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانە نیشتمانییەکان لە نێوان پارێزگا و ناوچە جیاوازەکاندا، ناتوانێت متمانەی نەتەوە غەیرە فارسەکان بەدەست بهێنێت. بەشداریی ئەم نەتەوانە لە نووسینەوەی دەستووری داهاتوودا، زامنکەری ئەوەیە کە مافی هیچ نەتەوەیەک جارێکی تر پێشێل نەکرێتەوە.

لە ڕوانگەی زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسیی ناڕەزایەتییەکان و تیۆرییەکانی ئەمنیەت و گوزەر، سێ تەوەرەی سەرەکی باس کراوە لەبارەی پێویستیی بەشداریی نەتەوەکان لە دروستکردنی جێگرەوەدا کە بەم شێوەیەن:

## ١. دابینکردنی ڕەواییی گشتگیر و تیۆریی «گرێبەستی کۆمەڵایەتیی مۆدێرن»:

تیۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆک، ژان ژاک ڕوسۆ) و تیۆریی ڕەواییی ڤێبەر (ماکس ڤێبەر) ڕەوایی بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکەن: نەریتی، عەقڵانی-یاسایی و کارزماتیک.

لە کۆمەڵگەیەک کە ستەمکاری تێپەڕاندووە، ڕەوایی دیموکراتیک تەنها لە ڕێگەی ڕەزامەندیی گشتیی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەوە بەدەست دێت.

ئەگەر جێگرەوەیەکی سیاسی تەنها لە ناوەندەوە و لەلایەن گرووپێکی زمانی یان کولتووریی تایبەتەوە دابڕێژرێت، لە هەمان سەرەتاوە تووشی «قەیرانی ڕەوایی» دەبێت. گرێبەستی کۆمەڵایەتیی داهاتووی ئێران کاتێک بەهای یاسایی و ئەخلاقی پەیدا دەکات کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی تەواوی نەتەوەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن و لە نووسینەوەی مافە بنەڕەتییەکاندا (وەک مانیفێستی گوزەر یان دەستووری کاتی) پشک و واژۆیان هەبێت. بەبێ ئەم بەشداریە، یاسای دابڕێژراو لە ڕوانگەی خەڵکی ناوچە پەراوێزخراوەکانەوە، بە درێژەپێدانی هەمان ڕێبازی «ستەمکاریی ناوەندی» دادەنرێت.

## ٢. توانای سەرکردایەتیکردنی جەماوەری و «تیۆریی سەرچاوەکان و دەرفەتە سیاسییەکان»:

تیۆریی سەرچاوەکانی چارلز تیلی و مەکارتی، و تیۆریی پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان بەڵگە دێننەوە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرکەوتن پێویستیان بە تۆڕەکانی هاوکاریی پێشوەختە، سەرکردایەتیی خۆجێیی و تین و تووڕەیی بەرز هەیە. لەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕووبەڕووی هەڵاواردنی پێکهاتەیی بوونەتەوە، شوناسە نەتەوەییەکان بەهۆی بوونی پەیوەندییە قووڵە سۆزداری، زمانی و مێژوویی‌یەکانەوە، بەهێزترین «تۆڕی هاوکاری» بۆ جووڵاندنی جەماوەری دابین دەکەن.

گۆڕانکارییەکانی دەیان ساڵی ڕابردوو لە ئێراندا (بەتایبەت لە کوردستان، بەلووچستان و ئازەربایجان) نیشانی داوە کە ئەم ناوچانە بەهۆی کەڵەکەبوونی داخوازییە ئابووری، سیاسی و کولتووریی‌یەکانەوە، خاوەنی بەرزترین ئاستی خۆڕاگری و توانای ناڕەزایەتیی شەقامن کە ڕێکخراو ببن. هەر جێگرەوەیەک کە ئەم بزوێنەرە بەهێزە پشتگوێ بخات یان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمنی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لە ڕاستیدا قۆڵی جێبەجێکار و مەیدانیی بەهێزی لەدەست داوە و توانای پەکەوتنی پێکهاتە ستەمکارەکەی نامێنێت.

## ٣. مسۆگەرکردنی سەقامگیریی داهاتوو و پێشگرتن لە شەڕی ناوخۆ:

تیۆرییەکانی دەوڵەتسازی لە نووسینی فرانسیس فوکویاما و چارلز تیلی، و تیۆریی بەڕێوەبردنی قەیرانە نەتەوەییەکان باوەڕیان وابووە کە مانەوە و بەردەوامیی وڵاتێک دوای داڕمانی ستەمکاری، بە ڕادەی «توانای دامەزراوەیی دەوڵەت» و «گشتگیریی پێکهاتەی دەسەڵات» بەستراوەتەوە. ئەگەر لە کاتی گۆڕاندا، نەتەوە پەراوێزخراوەکان هەست بکەن کە دیسانەوە دەچنەوە پەراوێز، ئەوا ئارەزوو بۆ دوورکەوتنەوە لە ناوەند، پێکدادانی چەکداری یان شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

بەشداریی ئەمڕۆی نەتەوەکان لە پرۆسەی جێگرەوەسازیدا، وەک «سۆپاپی دڵنیایی» و میکانیزمێکی پێشوەختە کار دەکات. کاتێک داخوازییەکانی نەتەوەکان (وەک مافی خوێندن بە زمانی دایک، گەشەپێدانی هاوسەنگی ئابووری و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا) لە گوتاری جێگرەوەی دێموکراتیکدا پەسەند و چەسپێنران، ئیتر پێویست بە پەنابردن بۆ توندوتیژی یان جوداخوازی ناگلێتەوە. بەشداریی ئەمڕۆ، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و متمانەی بەرامبەر بەرز دەکاتەوە و مسۆگەر دەکات کە گواستنەوەی دەسەڵات لە بری داڕمان بۆ ئاژاوە، بۆ گوزەرێکی ئاشتیانە و دیموکراتیک بگۆڕدرێت.

کەواتە شیتەڵکردن و لێکدانەوەی سێ قەیرانی کلیدی و پێکهاتەیی لە ڕێگەی نزیکبوونەوەی نێوان ڕەوتە سەراسەرییەکان و حیزبە نەتەوەییەکان لە ئێراندا، لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵناسیی سیاسی و تیۆرییەکانی ململانێوە بەم شێوێنەی خوارەوەیە:

## ١. ناوەندگەرایی نەریتی و تیۆریی «دەوڵەت-نەتەوەسازی لە سەرەوە»:

تیۆرییەکانی نۆژەنکردنەوە و دەوڵەتسازیی ناوەندگەرایانە کە ڕەوتە ناوەندگەرایەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نەریتی زۆرجار بەبێ ئاگایی کەوتوونەتە

ژێر کاریگەری مێژوویی «ڕەزاشایی یان پەهلەویی یەکەم» لە دەوڵەت-نەتەوەسازیدا؛ ئەوا میناکێکە کە تێیدا «یەکپارچەیی» لەگەڵ «یەکدەستکردنی کولتووری و زمانی» بە هاوواتا دەزانرێت. لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە پێیوایە کە فرەچەشنییە نەتەوەییەکان هەڕەشەن بۆ سەر یەکپارچەیی نەتەوەیی و دەسەڵات دەبێت لە ناوەند (پایتەخت)دا کۆببێتەوە تا بۆڕۆکراسی کارا بێت.

ئەم پێداگرییە نەریتویستییە لەسەر پاراستنی پێکهاتەی کارگێڕیی سێنترالی، بە دروستی ئەو خاڵەیە کە بەرەی دژەستەمکاری تووشی درزی ناوخۆیی دەکات. نەتەوەکان ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بە درێژەپێدانی لۆژیکی ستەمکاریی ڕابردوو لە بەرگێکی نوێدا دەزانن کە مافە کولتووری و سیاسییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە. تا ئەو کاتەی ڕەوتە سەراسەرییەکان پارادایمی خۆیان لە «سەنترالیزمی مۆنۆپۆلخواز»ییەوە بۆ «فرەچەشنی و دابەشکردنی دەسەڵات» نەگۆڕن، بەربەستێکی گەورە لە بەردەم لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەدا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە.

## ٢. ترس لە جوداخوازی و تیۆریی «ئەمنیەتیکردنی ململانێکان»

تیۆریی ئەمنیەتیکردن (باری بوزان و مەکسوینی لە مەکتەبی کۆپنهاگن) باوەڕیان وابووە کە تا کاتێک بابەتێک (وەک داخوازییە شوناسخوازەکان) لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسایی دەردەچێت و دێتە ناو چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییەوە، هەرچەشنە گفتوگۆ، چاوپۆشی یان سازشێک شوێن خۆی بە دیدگای ئەمنی، سڕینەوە و تاگلێدان دەدات.

کۆماری ئیسلامی چەندین دەیەیە بە تاگلێدانی «جوداخوازی» لە هەرچەشنە داخوازییەکی مەدەنی و مافخوازانەی نەتەوەکان، بەدوای ئەمنیەتیکردنی ئەم فەزایەدا بووە. بەداخەوە، بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی نەریتی و ناوەندگەرا (بەرەی پاشایەتیش) بەبێ ئاگایی یا ئاگادارانە لەناو هەمان گوتاری ئەمنیەتیکردنەوە سیاسەت دەکەن. ئەوان لە ترسی درۆینەی دارمانی سنووری، هەرچەشنە نەخشەیەکی فیدرالیزم یان خۆمۆختاریی نەتەوەیی بە هاوواتای جوداخوازی دەزانن. ئەم ترساندنە سیستەماتیکە، بە کردەوە بە قازانجی دەسەڵاتی ستەمکاری فەرمانڕەوا تەواو دەبێت و لە دروستبوونی هاوپەیمانییەکی سەراسەریی دژی دیکتاتۆری ڕێگرە.

## ٣. نەبوونی دیالۆگی نیشتمانی و تیۆریی «پەندۆکی ئەمنی لە سیاسەتی ناوخۆدا»

تیۆریی پەندۆکی ئەمنی (جۆن هێرز / بری پوزن لە شیکردنەوەی ململانێ نەتەوەییەکان)، چەمکی پەندۆکی ئەمنی کە لە بنەڕەتدا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردێت، بۆ کۆمەڵگە تووشبووەکان بە داڕمان یان گوزەر دەگوازێتەوە. کاتێک نەتەوەکان تووشی متمانەنەبوونی مێژوویی قووڵ دەبن و هیچ دامەزراوەیەکی بێلایەن بۆ مسۆگەرکردنی ئەمنیەت و مافەکانیان بوونی نییە، هەر هەنگاوێک لەلایەن نەتەوەیەکەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات یان مسۆگەرکردنی مافەکانی، لەلایەن نەتەوەی بەرامبەرەوە بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لێکدەدرێتەوە.

نەبوونی «پلاتفۆرم یان مێزی دیالۆگی نیشتمانی» و بوونی چەندین دەیە متمانەنەبوونی مێژوویی لە نێوان نەتەوە/دەسەڵاتی ناوەند و پەراوێزدا، بێگومان نموونەیەکی زەق بۆ پەندۆکی ئەمنیی ناوخۆیە. حیزبە نەتەوەییەکان لەوە دەترسن کە دوای ڕووخانی حکوومەتی ناوەندی، دیسانەوە مافەکانیان پێشێل بکرێت و ڕەوتە ناوەندگەراکانیش لە بەهێزبوونی پەراوێز دەترسن. بەبێ دروستکردنی میکانیزمی گفتوگۆی ڕێکخراو، متمانەسازیی بەرامبەر و نووسینەوەی مانیفێستی هاوبەشی دێموکراتیک، ئەم سووڕەی گومان و دوورکەوتنەوەیە هەر بەردەوام دەبێت.

هەروەها بە بۆچوونی نووسەر، چوار ڕێگەی پێکهاتەیی پێشنیارکراو بۆ دروستکردن و دابینکردنی جێگرەوەیەکی بەردەوام لە ئێراندا، لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی دێموکراسی، زانستی سیاسەت و مافی گشتییەوە بریتین لەوانەی خوارەوە:

## ١. پەسەندکردنی فرەچەشنی (پلۆرالیزم)

## و تیۆریی «دێموکراسیی فرەچەشن» (پلۆرالیستیک)

چارڵز تایلۆر لە تیۆریی «سیاسەتی ناسینەوە»دا بەڵگە دەهێنێتەوە کە مرۆڤەکان و شوناسە کۆمەڵایەتییەکانیان پێویستیان بە بینین و ڕێزگرتن هەیە. پشتگوێخستنی شوناسە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکان، جۆرێک زەبر و زەنگی دەروونی و سیاسیی پێکهاتەیی دروست دەکات کە خۆڕاگری و قەیرانی شوناس بەرهەم دێنێت. ڕابرت دالیش دێموکراسی لە سەرووی حکوومەتی زۆرینەوە، بۆ کێبڕکێی ئازادانە و بەشداریی کۆمەڵگەکان بە دیدگا و شوناسی جۆراوجۆر بە پێویست دەزانێت. تۆمارکردنی فرەچەشنی لە بەڵگە سیاسییەکانی جێگرەوەدا بە مانای تێپەڕبوون لە سیاسەتی «یەکدەستکردنی زۆرەملێی ڕابردوو» هەژمار دەکرێت. بە فەرمی ناسینی زمان، کولتوور و شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە مانیفێستە سیاسییەکاندا، دڵنیایی دەبەخشێت کە ئێرانی داهاتوو نەک ماڵی گرووپێکی تایبەت، بەڵکو هی هەواوی مندااڵنی خۆی بە هەر پێشینەیەکی زمانی و کولتوورییەوە بێت.

## ٢. دێسێنترالیزم و فیدراڵیزم و تیۆریی «دابەشکردنی دەسەڵات و ئەندازیاریی پێکهاتەیی»

دانیێل ئەلازار، تیۆریناسی ناسراوی فیدراڵیزم، دەردەخات کە لە وڵاتە فرەنەتەوەکان، فیدراڵیزم ئامرازێکی کارا و گونجاو بۆ تێکەڵکردنی «یەکپارچەیی لەگەڵ فرەچەشنی»دایە. ئەم مۆدێلە ڕێگە دەدات کاروباری خۆجێیی لەلایەن خودی کۆمەڵگە خۆجێییەکانەوە بەڕێوە بچن، لە کاتێکدا کاروباری گەورە (وەک سیاسەتی دەرەوە و بەرگریی نیشتمانی) لە ئاستی ناوەنددا بەڕێوە دەچن.

دێسێنترالیزم و پێکهاتەکانی پشتئەستوور بە بەڕێوەبردنە فیدراڵییەکان، وڵامێکی پێکهاتەیی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی سامان و دەسەڵات لە پایتەختدایە. ئەم ڕێبازە لە جیاتی کەڵەکەبوونی دەسەڵات لە ناوەند و دروستکردنی گەندەڵی و نایەکسانیی ناوچەیی، سەروەت و دەسەڵاتی بڕیاردان بۆ هەرێم، پارێزگا و ناوچە پەراوێزخراوەکان دەگەڕێنێتەوە و بەم شێوەیەش، ویستی جوداخوازی و لێکدابڕان بێمانا دەکاتەوە.

## ٣. دادپەروەریی گوزەر و تیۆریی «چاکسازی و قەرەبووکردنەوەی پێکهاتەیی»

جان ڕاڵز لە تیۆریی «دادپەروەری وەک یەکسانی»دا بەڵگە دەهێنێتەوە کە نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکان تەنیا لەو کاتەدا ڕەوان کە بە سوودی هەژارترین ئەندامەکانی کۆمەڵگە بن و قەرەبووکردنەوەی هەڵاوردنەکانی ڕابردوو مەرجی پێشوەختە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانن. دادپەروەریی گوزەر جەختیش لەسەر پێویستیی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی گەیشتوو بە نەتەوە پەراوێزنشینەکان و قوربانیانی ستەمی سیستەمیک دەکاتەوە.

ناوچەکانی نیشتەجێبوونی نەتەوە نافارسەکان لە ئێراندا، دەیان ساڵە بەدەست نەبوونی ژێرخانی ئابووری، نەبەستنی سەرمایە و دواکەوتوویی دەناڵێنن. خستنەڕووی «دادپەروەریی گوزەر» لە بەرنامەی جێگرەوەی دێموکراتیکدا، بە مانای پابەندبوونی ڕوون بە تەرخانکردنی بودجەی قەرەبووکەرەوە، گەشەپێدانی هاوسەنگ و نەهێشتنی هەڵاوردنە مێژووییەکان دێت، بۆ ئەوەی متمانەی لەدەستچوو دووبارە بونیات بنرێتەوە.

## ٤. مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و تیۆریی «ڕەواییی جیهانی و مافی کەمینەکان»

لە مافی گشتیی مۆدێرندا، ڕەواییی دەوڵەتێک تەنیا بە ڕەزامەندیی ناوخۆیی سنووردار نابێت، بەڵکو بە پابەندبوونی بە پێوەری نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکانەوە دەبەسترێتەوە. ئەو حکوومەتانەی کە پێوەرە جیهانییەکان پەیڕەو دەکەن، لە پشتگیریی یاسایی و دیپلۆماسیی کۆمەڵگای جیهانی بەهرەمەند دەبن و سەقامگیرییەکی درێژخایەنتریان دەبێت.

پابەندبوونی بێمەرج بە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و مانیفێستە پەیوەندیدارەکان بە مافی کەمینەکان و نەتەوەکانەوە، هێڵی سوور بەسەر ڕێبازە خۆسەپێن و ستەمکارەکانی ڕابردوودا دەکێشێت. ئەم پابەندبوونە

دڵنیایی دەبەخشێت کە مافە تاکەکەسییەکانی هاوواڵتیان و مافە بەکۆمەڵەکانی نەتەوەکان (وەک مافی خوێندن بە زمانی دایک، ئازادیی ئایینی، مەدەنی و سیاسییەکان) وەک هێڵی سووری دەستکارینەکراو لە دەستووری داهاتوودا بچەسپێنرێن.

بۆ شیکردنەوەیەکی قووڵتری بەشەکانی سەرەوە، زیاتر دەگەینە ناوەندی قەیرانەکانی گوزەری سیاسی لە ئێراندا. لە دریژەدا، هەریەک لەم سێ تەوەرە و پاشان شیکردنەوەی تیۆریی گشتگیریی ئەوان هاتووە:

## ١. لێکۆڵینەوە لە مۆدێلە فیدراڵییە گونجاوەکان بۆ پێکهاتەی داهاتووی ئێران

بۆ وڵاتێک کە خاوەنی پێکهاتەی فرەنەتەوە و فرەچەشنیی نەتەوەیی، جوگرافیایی و مێژووییە، مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی فیدراڵیزم لە زانستی سیاسەتدا دەخرێنە ڕوو کە دەبێت لەگەڵ ڕاستییە ژینگەیی و واقیعییەکانی ئێراندا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت:

الف) فیدراڵیزمی جوگرافیایی-ناوچەیی: لەم مۆدێلەدا، سنووری ئەیالەتەکان یان پارێزگا فیدراڵەکان لەسەر بنەمای پێوەرە ئابووری، مێژوویی و جوگرافیاییەکان، نەک تەنیا لەسەر بنەمای هێڵی نەتەوەیی کێش دەکرێن. ئەم مۆدێلە تا ڕادەیەکی زۆر نیگەرانییەکان لەبارەی جیابوونەوە یان پچڕانی ناسنامەی نیشتمانی کەم دەکاتەوە، چونکە ئەیالەتەکان ناوی جوگرافیاییان هەیە و هەموو هاوواڵتیانی ئێران لە هەر ئەیالێتێکدا لە مافی یەکسان بەهرەمەند دەبن (وەک مۆدێلی ئەڵمانیا یان ویلایەتە یەکگرتووەکان).

ب) فیدراڵیزمی فرەنەتەوەیی یان نەتەوەیی-سنووری: لەم مۆدێلەدا، سنووری یەکە فیدراڵییەکان بە شێوەیەک دادەڕێژرێت کە لەگەڵ ناوچەکانی زۆرینەی نەتەوە تایبەتەکاندا (وەک کوردستان، بەلووچستان، ئازەربایجان و...) بگونجێت تا خۆبەڕێوەبەریی خۆجێیی و کولتووری بە لووتکە بگات. ئەمە وڵامێکی ڕاستەوخۆ، دادپەروەرانە و پێکهاتەییە بۆ دەیان ساڵ هەڵاواردن و داخوازیی ناسنامەخوازانە، و مافی بەڕێوەبردنی خۆجێیی، خوێندن بە زمانی دایک و گەشەپێدانی ناوخۆیی بە فەرمی دەناسێت.

ج) مۆدێلی تێکەڵاو یان «فیدراڵیزمی نایەکسان»: وەک ڕێگایەک لە نێواندا، هەندێک ناوچە بەهۆی تایبەتمەندییە زمانی، کولتووری یان داخوازییە مێژووییە تایبەتەکانەوە، لە جۆرێک خۆمۆختاری یان دەسەڵاتی یاساییی بەرفراوانتر (نایەکسان) بەراورد بە پارێزگاکانی تر بەهرەمەند دەبن (وەک مۆدێلی ئیسپانیا یان کەنەدا لە بەرامبەر کێبێک). ئەم مۆدێلە میکانیزمی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی فرەچەشنییە قووڵەکان دابین دەکات بەبێ ئەوەی سیستەمێکی زۆر شکاو دروست بکات.

## ٢. هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوودا

بزووتنەوەی نەتەوەیی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران (وەک حیزبی دێموکرات) بە هۆکاری پێکهاتەیی و مێژووییەوە، ڕۆڵێکی پێشڕەویان لە گۆڕانکارییەکاندا گێڕاوە:

الف) گۆڕینی داخوازییە خۆجێییەکان بۆ گوتاری سەراسەری (گشتی): دروشمی سەرەکیی «ژن، ژیان، ئازادی» کە ڕیشەکەی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی، مەدەنی و فێمینیستی کوردستاندا بوو، بوو بە ناوەندی نزیکبوونەوەی گشتی لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١دا و نیشانی دا کە داخوازییە پەراوێزخراوەکان توانای گۆڕانکاریان بۆ گوتارێکی هاوبەشی نیشتمانی هەیە.

ب) ڕێکخستن و خۆڕاگریی پێکهاتەیی: پێچەوانەی ناڕەزایەتییە خودڕێکخەرەکان لە هەندێک شاری ناوەندیدا، ناوچە کوردنشینەکان پشتئەستوور بە تۆڕە مەدەنییەکان، نەریتە پێشوەختەکان و حیزبە ڕێکخراوەکانن. ئەم ڕێکخستنە بووەتە هۆی دروستبوونی مانگرتنی گشتیی سەرانسەری و ڕێکخراو (وەک مانگرتنە گشتگیرەکان لە ساڵوەگەڕەکاندا) کە ئامرازێکی ئابووریی بەهێز بۆ پەکەوتنی کۆڵەکەکانی حاکمییەتن.

ج) باجدان و پێشەنگی لە هاوپەیمانێتیدا: حیزبە کوردییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەشی هاوپەیمانی (وەک هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران) نیشان بدەن کە بەرەو یەکڕیزیی ناوخۆیی و ئاڕەزووی

گفتوگۆ لەگەڵ ڕەوتە ئێرانییەکانی تریشدا دەجووڵێن.

### ٣. چۆنیەتیی متمانەبەخشینی بەرامبەر لە نێوان ڕەوتە سەرانسەری و خۆجێییەکاندا

کێشەی سەرەکی لە ئێراندا، «مەتەڵی (گرێپووچکەی) متمانەنەبوونی مێژووییە». بۆ شکاندنی ئەم بنبەستە، ئەم میکانیزمانە پێویستن:

الف) گۆڕینی پارادایم لە «خۆدوورخستنەوە لە گفتوگۆ» بۆ «پەیمانی گوزەر»: ڕەوتە سەرانسەرییەکان دەبێت قەبووڵ بکەن کە دێسێنترالیزم هەڕەشە نییە، و حیزبە خۆجێییەکانیش دەبێت نیشان بدەن کە چوارچێوەی تەواویەتیی زەمینیی دێموکراتیک بە فەرمی دەناسن.

ب) دارشتنی مانیفێست و پەیماننامەی ڕوونی مافی زمانی و کولتووری: واژۆکردنی مانیفێستەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان پێش ڕووخانی حکوومەت، دڵنیایی دەبەخشێت کە هیچ نەتەوەیەک لە دوای سەرکەوتن پەراوێز نەخرێت.

ج) ڕۆڵی دامەزراوە مەدەنییەکان و نێوەندگیرە بێلایەنەکان: چالاکانی مافی مرۆڤ، ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ، ئەکادیمییەکان و ژنان «پردی پەیوەندی و نێوەندگیریی متمانەساز» لە نێوان ناوەند و ناوچە پەراوێزخراوەکاندا دەبن، تا تێگەیشتنە هەڵەکان، ململانێی سیاسیی تووندوتیژی لێنەکەوێتەوە.

## شیکردنەوەی گشتگیر لەسەر بنەمای تیۆری و ڕێبازە سیاسییەکان

ئەم سێ بواره دەکرێت لە ناخی چوار تیۆریی بنەماییی زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسیی سیاسیدا شیکار بکرێن:

تیۆریی «ئەندازیاریی پێکهاتەیی و فیدراڵیزمی نەتەوەیی-ناوچەیی»:

هۆرۆویتز و لیفهارت بەڵگە دێننەوە کە لە کۆمەڵگە قووڵ دابەشبووەکان، پێکهاتە سیاسییەکان نابێت بە شێوەیەک دابڕێژرێن کە براوە هەموو شتێک بباتەوە. فیدراڵیزم (بەتایبەت مۆدێلی تێکەڵ یان نایەکسان) ئامرازێک بۆ «ئەندازیاریی پێکهاتەیی»یە کە لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە، دڵنیاییی پێکهاتەیی بە گرووپە نەتەوەییەکان دەدات کە بەرژەوەندی، زمان و کولتووریان لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە سەرکوت یان سڕینەوەی بەسەردا نایەت.

### تیۆریی «پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان»:

سیدنی تارۆ دەردەخات کە چۆن بزووتنەوە خۆجێییەکان و حیزبە ڕێکخراوەکان (وەک ئەوەی لە کوردستاندا دەبینرێت) لە دەرفەتە سیاسییەکانی بەرهەمهاتوو لە قەیرانی ڕەواییی دەوڵەتی ناوەندی کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی ناڕەزایەتییە خۆجێییەکان بۆ بزووتنەوەی خۆڕاگریی پێکهاتەیی بگۆڕن. ڕۆڵی حیزبە کوردییەکان نیشاندەری گرنگیی «سەرکردایەتیی ڕێکخراو» لە گۆڕینی توانای ناڕەزایەتی بۆ هێزی دانووستانی سیاسییە.

تیۆریی «پەندۆکی ئەمنی ناوخۆیی و متمانەسازی»:

وەک چۆن بری پوزن باسی دەکات، لە سەردەمی گوزەر یان دارمانی دەسەڵاتی ناوەندیدا، نەبوونی گەرەنتیی جێبەجێکار بۆ ئەمنیەتی نەتەوەکان و کەمینەکان ترس لە بەرامبەر دێنێتە ئاراوە. چارەسەر بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم مەتەڵەدا، دروستکردنی «گرێبەستە پێشوەختەکان»ە؛ واتە پێش ئەوەی حکوومەت دارمێت، هاوپەیمانییە سەرانسەرییەکان دەبێت بە بەخشینی ئیمتیازی یاسایی و سیاسیی ڕوون بە نەتەوەکان، زنجیری متمانەنەبوون بشکێنن.

### تیۆریی «دێموکراسیی بەشداریخواز و سیاسەتی ناسینەوە»:

لە ڕوانگەی چارڵز تایلۆرەوە، قەیرانی شوناس و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ناوەند و پەراوێز کاتێک چارەسەر دەبێت کە سیاسەت لە «ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکان»ەوە بۆ «ناسینەوەی یەکسانی جیاوازییەکان» بگۆڕێت. متمانەبەخشینی بەرامبەر تەنها کاتێک دروست دەبێت کە ڕەوتە سەرانسەرییەکان، شوناس و هۆکاربوونی سیاسیی نەتەوەکان نەک وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی، بەڵکو وەک «کۆڵەکەی ڕەوای دەسەڵاتی دێموکراتیکی داهاتوو» پەسەند و ڕەچاو بکەن.

## ئەنجامگیری

گفتوگۆ لەبارەی پێگەی نەتەوەکان و هێزە نەتەوەییەکان لە پرۆسەی ئاڵتەرناتیڤسازیدا بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی، سەرووی گفتوگۆیەکی تەنها سیاسییە، بەڵکو شیکردنەوەی «ئەندازیاریی مانەوە، سەقامگیری و دێموکراسی» لە ئێرانی سبەینێدایە. وەک لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت، کۆمەڵناسیی مێژوویی و بەڕێوەبردنی ململانێکانەوە ڕوونکرایەوە، ئێرانی سبەینێ ناتوانێت و دەبێت نە لەسەر بنەمای مۆدێلە کۆن و شکستخواردووەکانی «ناوەندگەرایی ڕەها» و «یەکدەستکردنی زۆرەملێ» بونیاد بنرێت.

پێداچوونەوەی گشتیی ئەم باسانە دەکرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

فرەچەشنیی زمانی، کولتووری و نەتەوەیی لە ئێراندا (کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب، لوڕ، تورکمەن، فارس و گرووپەکانی تر) حەقیقەتێکی زیندووی مێژوویە. هەر جێگرەوەیەک بیەوێت بێ ئامادەبوون و بەشداریی یەکسانی ئەم کۆڵەکانە پێکبێت، پێشوەختە ڕووبەڕووی «قەیرانی ڕەوایی» دەبێتەوە. ڕەواییی دێموکراتیک تەنها لە ڕێگەی ڕەزامەندیی ئاگایانە و بەشداریی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەوە بەدەست دێت.

بزووتنەوە مەدەنییەکان و ڕیشەدارەکان لە ناوچە پەراوێزخراوەکاندا (لەوانە پێشەنگیی حیزب و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە کوردستان، بەلووچستان و ئازەربایجان) نیشانیان داوە کە بزوێنەری جەماوەری و ڕێکخراوی گۆڕانکارییەکان لە ئێراندان. پشتگوێخستنی ئەم بازووە بەهێزە، بە مانای بێبەشکردنی بەرەی ئازادیخوازی لە توانا مەیدانی و ستراتیژییەکەیە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ترسی درۆینەی «جوداخوازی» و ڕووبەڕووبوونەوەی دیدگا ئەمنییەکەی حکوومەت و ڕەوتە پاوانخوازەکاندا، پێویستمان بە «گفتوگۆی نیشتمانی» و دروستکردنی «پێکهاتەی متمانەسازی پێشوەختە» هەیە. ڕەوتە سەرانسەری و خۆجێییەکان دەبێت قەبوولی بکەن کە تەواویەتیی زەمینیی ئێران کاتێک دەپارێزرێت کە کەرامەت، زمان، کولتوور و مافە سیاسی و یاساییەکانی هەموو شوناسەکان لەناو پێکهاتەیەکی دێموکراتیی هاوبەشدا بە فەرمی بناسرێن.

ڕێگەی کارا بۆ ڕزگارکردنی ئێران لە بازنەی توندوتیژی و داڕمان، گرێدراوی جێبەجێکردنی مۆدێلە مۆدێرنەکانی دابەشکردنی دەسەڵات (وەک فیدراڵیزمی جوگرافیایی، ناوچەیی، نەتەوەیی یان نایەکسان)، جێبەجێکردنی دادپەروەریی گوزەر و پابەندبوونی بێمەرجە بە مافی مرۆڤی نێودەوڵەتییەوە.

لە کۆتاییدا، نەتەوەکانی ئێران نەک هەڕەشە نین بۆ سەر یەکپارچەیی وڵات، بەڵکو کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەقامگیری، دادپەروەری و دێموکراسی لە ئێرانی داهاتوودان. سەرکەوتنی هەر جێگرەوەیەک بەستراوە بە گۆڕینی ئێران لە «زیندانی نەتەوەکان»ەوە بۆ «چەترێکی هاوبەش، ئازاد و دیموکراتیک» کە تێیدا تاک بە تاکی هاووڵاتییان بە هەر شوناس و زمانێکەوە، پشکێکی یەکسانیان لە حوکمڕانیدا بەسەر چارەنووسی خۆیاندا هەبێت.

## سەرچاوەکان و بیرمەندان

ئارێند لیفهارت (Arend Lijphart): تیۆریی «دێموکراسیی ڕێککەوتنخواز» (Consociational Democracy) و ئەندازیاریی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگە پارچەپارچەبووەکاندا.

یوورگن هابرماس (Jürgen Habermas): تیۆریی «دێموکراسیی بەشداریخواز» و ڕەواییی بەستراو بە ڕەزامەندیی ئاگایانەی هاووڵاتییان.

ئەرنێست گێلنێر (Ernest Gellner): تیۆریی «ناسیۆنالیزمی مۆدێرن، دەوڵەت-نەتەوە» و ڕەخنە لە یەکدەستکردنی زۆرەملێ.

جۆن لۆک و ژان ژاک ڕوسۆ (John Locke & Jean-Jacques Rousseau): تیۆریی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی» و ڕەواییی سیاسی.

ماکس ڤێبەر (Max Weber): تیۆریی «ڕەوایی» (نەریتی، عەقڵانی-یاسایی، کارزماتیک).

چارلز تیلی و مەکارتی (Charles Tilly & McCarthy): تیۆریی «کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان».

فرانسیس فوکویاما (Francis Fukuyama): تیۆریی

«دەوڵەتسازی و توانای دامەزراوەیی دەوڵەت».

باری بوزان و مەکسوینی (Barry Buzan & McSweeney): تیۆریی «ئەمنیەتیکردن» (مەکتەبی کۆپنهاگن).

جۆن هێرز و بری پوزن (John Herz & Barry Posen): تیۆریی «پەندۆکی ئەمنی» (لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی ناوخۆ / ململانێ نەتەوەییەکان).

چارلز تایلۆر (Charles Taylor): تیۆریی «سیاسەتی ناسینەوە» و پێویستیی شوناسە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێزگرتن و بینین.

ڕابرت دال (Robert Dahl): تیۆریی «دێموکراسیی فرەچەشن (پلورالیستیک)» و کێبڕکێی ئازادانەی کۆمەڵگەکان.

دانیێل ئەلازار (Daniel Elazar): تیۆریی «فیدراڵیزم و تێکەڵکردنی یەکپارچەیی لەگەڵ فرەچەشنیدا».

جان ڕاڵز (John Rawls): تیۆریی «دادپەروەری وەک یەکسانی» و قەرەبووکردنەوەی هەڵواردنەکانی ڕابردوو.

دونالد هۆرۆویتز (Donald Horowitz): تیۆریی «ئەندازیاریی پێکهاتەیی و دابەشکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەپارچەپارچەبووەکاندا».

سیدنی تارۆ (Sidney Tarrow): تیۆریی «بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی دەرفەتە سیاسییەکان».